ئەمە دەستەیی دادوەری کۆچبەرانە (UNE)

UNE ئۆرگانیکی کارگێری هاوشێوەی دادگایە کە سکاڵاکان دەربارەی ڕەفزەکانی کە UDI داویەتی بە پێی یاسای بێگانە و یاسای هاووڵاتیبوون بەڕێوە دەبات.

UNE کارگێرییەکە دەکەوێتە ژێر وەزارەتی داد و ئامادەیی. وەزارەتەکە لە ڕێی یاسا، دەستوور، بوودجە و ئەولەویاتی گشتی حوکم دەکات، بەڵام وەزارەتەکە ناتوانێت دەربارەی لێکدانەوەی یاسا، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکان یان بڕیاردانی دۆسیەی تاکەکەسی ڕێنمایی بە UNE بدات.

جۆری دۆسییەکانی لە UNE پێك دێن لە مافی پەنابەرێتی، یەکگرتنەوەی خێزان، مافی مانەوە و ناسنامە وەرگرتن.

UNE زیاتر لە 350 کارمەندی هەیە کە لەوانە نزیکەی 30 بەڕێوەبەری دەستەی دادوەری هەیە کە خاوەنی شارەزاییەکی دادوەری نە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی دادوەری نزیکەی 300خەڵکی ئاسایی هەیە کە ئیشەکە وەکو ئەندامانی دەستەی دادوەری بە ئازادانە لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

UNE بۆ وەرگرتنی بڕیار لە شێوەیەکی زیاتری هەیە. دوایی ئامادەکاری لە سکرتاریەت و لە سکرتاریەت دەکرێت بڕیارەکە بدەن بە ئامادەبوونی کەسەکە لە کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری، بە بێ ئامادەبوونی کەسەکە لە کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری دا، لە لای بەڕێوەبەری دەستەی دادوەری. بەڕێوەبەرەکەی دەستەی دادوەری لەسەر هەر تاکە دۆسیەیەك بڕیاری شێوەی دەرکردنی بڕیارێك دەدات.

بە پێی یاسای پەنابەران دەکرێت بە بێ کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری یان لە لایەن بەڕێوەبەری دەستەی دادوەری یان لە لایەن سکرتاریەت بڕیار لەسەر هەندێك دۆسیە بدرێت بە مەرجێك گومان لەسەر هیچ پرسیارێکی گرنگ نەبێت، ئەمە دەکرێت بۆ نموونە ئەو دۆسییانە بن کە بە یاسا بەڕێوە دەچن کە سەلماندنیان ئاسان بێت لەسەر ئەوەی کە ئایا مەرجەکانی دیاریکراو لە یاسا و لە دەستوور دا جێبەجێ کراون. لە پێش هەموو شتێك گومان لەسەر پرسیاری گرنگ هەیە، کە بانگی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری.

زۆربەی کۆبوونەوەکانی دەستەی دادوەری ئەنجام دەدرێن بە ئامادەبوونی کەسەکە. بەڵام هەروەها کۆبوونەوەکانی دەستەی دادوەری ئەنجام دەدرێن کە سکاڵاکەرەکە داوا نەکراوە بۆ کۆبوونەوەکە. بۆ نموونە ئەگەر سکاڵاکەرەکە و UDI هاوڕا بن لەسەر بناغەی ڕاستەقینە، ئەمە وا دەگەیێنێت کە ڕوونکردنەوەی سکاڵاکەرەکە وەکو بناغە داندراوە پێش ئەوەی دۆسیەکە بۆ UNE ڕەوانە بکرێت، کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری زۆر جار دەکرێت ئەنجام بدرێت بە بێ ئەوەی سکاڵاکەرەکە ئامادە ببێت. ئامادەبوونی کەسەکە لە ڕوویەکی ترەوە گرنگە لەو دۆسییانەی کە سکاڵاکەرەکە بتوانێت یارمەتی بدات بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان.

لە کۆبوونەوەکانی دەستەی دادوەری بەڕێوەبەرێکی دەستەی دادوەری لەگەڵ دوو ئەندامانی دەستەی دادوەری کە خەڵکی ئاسایی نە بەشداری دەکەن. سکرتاریەت لە UNE بەرپرسیارە بۆ ئامادەکردنی ئەو دۆسییانەی کە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی دادوەری چارەسەر دەکرێن. پێش کۆبوونەوەکە بەڕێوەبەری دەستەی دادوەری بەڵگەنامەکانی دۆسییە لە بەر دەمی ئەندامانی دەستەی دادوەری دادەنێت. کۆبوونەوەکان ئەنجام دەدرێن لە ژووری داخراوی دادگاکان.

کۆبوونەوەکەی دەستەی دادوەری دەست پێ دەکات بەوەی کە بەڕێوەبەری دەستەی دادوەری ڕوونکردنەوە دەدات کە کامە دۆسیەیە چارەسەری دەکەن، ئەوانەی ئامادەن دەناسێنێ و ئامۆژگاری بە سکاڵاکەرەکە دەدەن. لە کۆبوونەوەکە سکاڵاکەرەکە وەڵامی دەستەی دادوەری و پارێزەرەکەی (وەکیلەکەی خۆی) دەدات. دەرفەت بە وەکیلەکە دەدرێت بۆ ئەوەی کۆتا ووتارێکی کورت پێشکەش بکات. ئەو دۆسییانەی کە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی دادوەری بەڕێوە دەبردرێن، بڕیاری زۆرینە جێبەجێ دەکرێت.

بڕیارەکانی دەرکراو لە دۆسییەکانی تاکەکەسی ناتوانی لەوە زیاتر سکاڵا بکەی نە لە وەزارەت، نە لە حکومەت و نەش لە لای بەڕێوەبەرێتی UNE، بەڵام دەکرێت ببیەی بۆ دەزگای داد بۆ ئەوەی جارێکی تر لە دادگایەکی ئاسایی تاقی بکەیەوە.

دوایین تازەکردنی زانیاری 13.11.2012